# پێڕەو و پرۆگرامی
# پارتی سەربەستیی کوردستان،
# پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم!

فێبرواری ٢٠٢٣ میلادی

ڕەشەممەی ٢٧٢٢ی کوردی

پارتی سەربەستیی کوردستان

P.S.K

Partî Serbestî Kurdistan

**پێریستی ئەم پێڕەو و پرۆگرامە بە شێوەی نامیلکە.**

**دەروازەی یەکەم:**


دەستپێک: . لاپەڕەی ٥

بەشی یەکەم: بۆ دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان ؟. لاپەڕەی ٦

بەشی دووەم: بۆ خەبات لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاری. لاپەڕەی ٧

بەشی سێیەم: خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. لاپەڕەی ٩

بەشی چوارەم: لیبراڵدیمۆکرات Liberal Democratsو لیبراڵی کوردی. لاپەڕەی ١٠

بەشی پێنجەم: ژن لە ڕوانگەی پارتی سەربەستیی کوردستانەوە. لاپەڕەی ١١

بەشی شەشەم: چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لاپەڕەی ١٢


**دەروازەی دووەم: پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان.**


بەشی حەوتەم: ئامانجە گشتیەکان. لاپەڕەی ١٣

بەشی هەشتەم : ئامانج و دروشمە ستراتیژیەکان لاپەڕەی ١٣

بۆ قۆناغی ئێستا ( قۆناغی ڕزگاریی نیشتیمانی ) درێژەی بەشی ٧ لاپەڕەی ١٤


**دەروازەی سێیەم: جۆغرافیا، ئابووری وپێکهاتە.**


بەشی نۆیەم: جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکان. لاپەڕەی ١٥

بەشی دەیەم: ئابووری ڕپژهەڵاتی کوردستان. لاپەڕەی ١٥

بەشی یانزەیەم: چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات. لاپەڕەی ١٦


**دەروازەی چوارەم. ناو، لۆگۆ و پێناسە..**


بەشی دوانزەیەم: تایبەت بە ناو: لاپەڕەی ١٧

بەشی سیانزەیەم: ئارمی پ س ک و پێناسەی ناو ئارمەکە. لاپەڕەی ١٧

بەشی چواردەیەم: پێناسەی پ س ک و مێژووی دامەزراندنی. لاپەڕەی ١٧

بەشی پانزەیەم : پەیکەرو ئۆرگانەکانی پ س ک. لاپەڕەی ١٨


**دەروازەی پێنجەم: ئەندامەتی**


بەشی شانزەیەم : تایبەت بە ئەندامەتی . لاپەڕەی ١٩

ئەندامی پشتیوان یا هاوبیر بە پلە B ب. پاشماوەی بەشی ١٦. لاپەڕەی ١٩

بەشی حەڤدەیەم ١٧: مافەکانی ئەندامی پارتی. لاپەڕەی ٢٠

بەشی هەژدەیەم: لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی وهتد،، لاپەڕەی ٢٠

بەشی نۆزدەیەم: لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی. لاپەڕەی ٢٠

**دەروازەی شەشەم :**
بەشی بیستەم: کۆنگرەی پارتی . لاپەڕەی ٢٠
ئەرک ودەسەڵاتەکانی کۆنگرە ئەمانەن. لاپەڕەی ٢١
بەشی بیست ویەکەم: کۆنگرەی نائاسایی. لاپەڕەی ٢١

**دەروازەی حەوتەم. پلۆنۆم یا کۆنفرانسەکانی پارتی.**
بەشی بیست و دووەم: کۆنفرانس و پلۆنۆم. لاپەڕەی ٢١

**دەروازەی هەشتەم: ئەنجوومەنی سەکردایەتی، دەستەی کارگێڕی.**
بەشی بیست و سێیەم: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی. لاپەڕەی ٢١
ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی: لاپەڕەی ٢١
بەشی بیست و چوارەم : ژنان بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لاپەڕەی ٢٢
بەشی بیست و پێنجەم : دەستەی کارگێڕی. لاپەڕەی ٢٢
بەشی بیست وشەشەم: جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی. لاپەڕەی ٢٢
بەشی بیست و حەوتەم: ڕاوێژکاران. لاپەڕەی ٢٣

**دەروازەی نۆیەم : سەرۆکی گشتیی و جێگرانی سەرۆک.**
بەشی بیست وهەشتەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی گشتی لاپەڕەی ٢٣
کێ مافی خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆکی گشتی هەیە. لاپەڕەی ٢٣
بەشی بیست و نۆیەم: جێگر یا جێگرانی سەرۆکی گشتی. لاپەڕەی ٢٤
**دەروازەی دەیەم:**
بەشی سییەم: ناوەندەکانی پ س ک. لاپەڕەی ٢٥
ناوەندی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری. لاپەڕەی ٢٥
ناوەندی پێوەندی و دیپلۆماسی. لاپەڕەی ٢٥
ناوەندی دارایی و ئابووری. لاپەڕەی ٢٥
ناوەندی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوە. لاپەڕەی ٢٥
ناوەندی ڕێکخراوەکان، ژنان و لاوان و پەنابەران. لاپەڕەی ٢٦
ناوەندی ئاسایش و یاسایی. لاپەڕەی ٢٦

**دەستپێک**

خوێنەری بەڕێز: ئەوەی کە لەبەر دەستاندایە، پێڕەو و پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەمە کە لە ڕۆژانی ١٠ بۆ ١٧ی فێبریواری ٢٠٢٣ بەڕێوەچووە.

گشت ناوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە، بە شێوەی پێرستی، لە کۆی١٠ **دەروازە و ٣٠ بەش،** ٦ناوەند و **٧٠٠٠** وشەو کۆمەڵێک بڕگە دابەشکراوە، و کۆکراووەتەوە.

گۆڕانکاری لە بەرنامە و پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان تەنیا لە کۆنگرەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان دەکرێت. هەر لەو پێوەندییەشدا داوا لە گشت هاوبیران و دۆستانی پارتەکەمان دەکەین، لە سەر هەر کام لەو خاڵانەی نێو پێڕەو و پرۆگرام، یا دەروازە و بەشەکانیدا، تێبینی و بۆچوونێکتان هەیە، یا هەڵەیەکی ڕێزمانی و داڕشتن دەبینن، بەو ئیمەیلەی خوارەوە بۆمان بنێرن و سوپاستان دەکەین. 2006psk@gmail.com

دەروازەی یەکەم:

**بەشی یەکەم: بۆ دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان.؟**

هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی کوردستانی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦، دەگەڕێتەوە بۆ بۆشاییەک لە نەبوونی چالاکی پەروەردەی نەتەوەیی ودیپلۆماسی بە کردەوە لە ئاست ناساندنی بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاست ڕێکخراو وڵاتانی جیهانی.

لەو سەردەمەدا و لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، زۆربەی لایەنەکانی سیاسی کوردستان، وێرای خەبات وتێکۆشانی بێوچانیان لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، بەڵام لە ئاکامی سەردان و دیدارە نێودەوڵەتییەکانیان، و هەڵسەنگاندنیان لە سەر مێژووی گەلەکەمان، خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد و کوردستانیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانی پێناسە دەکرد، کە مخابن لەم ساڵەی ٢٠٢٣یشدا دیسانەوە گوێ بیستی ئەو جۆرە بۆچوونانە لە لایەن هێندێک لایەنی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەوەین. واتە پرس و مافی گەلی کورد بە بەشێک لە کێشەی ناوخۆی ئێران دەزانن و تا ئێستاش بەشێک لەو پارتانە  نەهاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لە دیالۆگ و سەردانە نێودەوڵەتییەکان، پرسی کورد بە پرسی نەتەوەیەکی نیشتیمانداگیرکراو لە لایەن ئێرانی داگیرکەرەوە بناسێنن.

ئەمەش هۆکار بوو کە پارتی سەربەستیی کوردستان، لە سەر پێوەری بۆشایەکی تەواو بەرچاوی بواری دێپلۆماسی نێودەوڵەتی، نەبوونی بەروەردەیەکی شەفافی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە ئاست ناوخۆییدا! بێتە ناو گۆڕەپانەکە و بە نەوەی داهاتووی خۆی بڵێت کە گەلی کورد هەرگیز ئێرانی نەبووە و ناشبێت. دروستترین خەبات و تێکۆشان لەو بوارەدا، خەباتە لە پێناوسەربەخۆیی و ڕزگاری یەکجاری گەلەکەمان، لە ژێر چنگ و حوکم و حاکمانی نەتەوەی ئێرانی فارسی داگیرکەردا.

هەر بۆیە بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیەک کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز، لە ئاست بندەستی و بێبەشی نەتەوەکەمان، هزرێک لە لایەن تاکێکەوە چرۆی کردو پاشان گەیشتە کۆمەڵێک کوردی سەربەخۆییخواز و شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پارتێکی نوێی سیاسی وپێشکەوتنخواز و ودیمۆکراتیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی **"پارتی سەربەستیی کوردستان"** لە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٠٥ی کوردی، بەرامبەر بە ١٧ / ٢ / ٢٠٠٦ زاینی، دامەزراند.

ئەم پارتە نەتەوەییە توانیوێتی کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانیانی وڵاتویست و سەربەستیخواز لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان و دەرەوەی وڵات، لە دەوری  بیرۆکەی سەربەخۆیی و پرۆگرامی خۆی کۆبکاتەوە. هەروەها گۆرانکارییەکی زۆر لە هزری خەباتگێڕان ونیشتیمانپەروەران بۆ بەرەو بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستبکات. گەرم و گوربوونی پارتی سەربەستیی کوردستان لە مەر خەبات بۆ سەربەخۆیی یەکجاری، هاندەری زۆر حیزب ولایەنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کە لە ژێر فشاری ئەندامانیان بە تایبەت لاوەکانیان گۆرانکاری لە بەرنامەو پرۆگرام وستراتیژی خۆیان بکەن. یا ڕێکخراو لایەنی تازەتر کە

دادەمەزرێن بە بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی دەستبەکار دەبن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی بەردەوامی پارتەکەمان، کە چەخماخەی بیرۆکە و بوێری بووە لەو بوارەدا.
ئەم پارتە بەردەوام لە نێو لاوانی کوردستانی وەک پارتێکی نەتەوەیی، سەربەخۆییخواز ودەوڵەتخواز درێژە بە تێکۆشانی دەدات، و بەردەوام لە لایەن گەلەوە پێشوازی لێدەکرێت.
**پ س ک** لە ماوەی دروستبوونیەوە وێرای دەیان کۆسپی جۆراوجۆری نەیارانی گەلەکەمان و بیرۆکەی خەبات لە پێناوسەربەخۆیی، خۆی ڕاگرتووەو نەچەماوەتەوە. زۆر هەوڵدراوە بە پێشنیاری سەروەت و دەسکەوتی مادی و سیاسی لە ڕێگەی درووستی خۆی کە سەربەخۆییە، دوور بخرێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە هەرگیز ملکەچ نەبووە و بگرە زۆر زیاتر بیری سەربەخۆیی لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییشەوە، لە لایەن هاوبیرانی پارتەکەمانەوە پەرەی پێدراوە.
پارتی سەربەستیی کوردستان توانیوێتی ببێتە پارتی ئەو لاوانەی کە باوەڕیان بە خەبات لە پێناو دروستبوونی دەوڵەتی دیمۆکرات و سەربەخۆی کوردستان هەیە و هەر بۆیە ڕۆژانە بەردەوام پێشوازی لە هاتنی هاوبیری نۆێ بۆ ڕێزەکانی پارتەکەمان دەکەین.

**بەشی دووەم:**

**بۆ خەبات لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاری؟**

**سەرەتا:** هێشتا کە لە هەزارەی ٢١داین، باس لە سەر ئەوە دەکرێت کە لایەنە کوردستانیەکان، تەکتیکیانە سیاسەت بکەن وباس لە جیابوونەوەیان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا نەکەن. دەبێت باس لە رووخانی ڕێژیمەکان بکەن، باس لە پێکەوە ژیان و بە دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بکرێت. ئەوان دەڵێن ئەگەر ئەو وڵاتانە پەیرەوی پرۆسەی دێمۆکراسی بکەن، ئەوا ئەو کات ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ دانپێدانان بە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستیاندا. یا کار بکەین بۆ بە دەستهێنانی مافە سەرەتاییەکان. وەک ئەوەی ئێمەی کورد کەمینەیەکی بێ مێژوو شارستانیەت بین. یا هێشتا هیندێک کەسی بە ناو ئاکادیمی کوردی کە ژمارەیان زۆر زۆر کەمە پێیانوایە کە کورد پێناسەی نەتەوە بوونی نییە، و باشترە لە چوارچێوەی ئێرانێکی بە هێزدا بمێنێتەوە. بەڵام بە خۆشییەوە لەم ساڵانەی دواییدا بە تێکۆشانی بێوچانی پارتی سەربەستی وچەندین پارت و لایەنی نەتەوەیی دیکە،هەروەها بەردەوام درووستبوونی لایەنی سەربەخۆییخواز، ئەو جۆرە بیرکردنەوە ماوەبەسەرچوانە بەرەو کۆتایی و لاوازی دەچن و گەل وشەقام بیر لە ڕزگاری یەکجاری دەکەنەوە.
**ڕێبازر و ڕێکاری دروست:** گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی هەرە گەورەی خاک و نیشتیمانداگیرکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دیارە و دەبینرێت. خاوەنی دەیانهەزار ساڵ مێژووی دێرینە لە ناوچەکەدا. خاوەنی سەدان بەڵگە و پێناسەی نەتەوەبوون و شارستانیەت بوونە. لە درێژایی مێژوودا خەباتی لە پێناو ڕزگاری یەکجاری کردوە. بە تایبەت لە سەدەی بێستەمدا ئەو خەباتە زۆر روو لە گەشەکردن بووە و چوونە پێش و پاشکەکسەشی بە خۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆشیەوە تا ئیستاش خەباتی سەردەمیانەی بەردەوامە.
لە پاش پەلاماردانی یەکەم کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان، ئیدی شێوەی خەبات ئاڵووگۆڕی بەسەرداهاتبوو. جووڵانەوەکان باسیان لە بە دەسهێنانی مافگەلێکی زۆر کەم کردوە و

دەیکەن. کەچی کەمکردنەوەی مافی ڕەوای گەل لە سەربەخۆییەوە بۆ خودموختاری و فیدراڵی و هیدیکە، نەیتوانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بە دەستبهێنێت، نەیتوانی پایتەختی ولاتانی داگیرکەر ڕازی بکات. یا هەتا ئەو لایەنانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی ولاتەکانیان دەزانن. دژی ئەو مافە سەرەتاییانەی کورد هەڵویست دەگرن و قسەی سەر زار و بنزاریان پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی خاک ویەکیتی زمانە داسەپاوەکەیانە.

لە ئاست ئەو جۆرە نەرمی نواندن و گوایا چارەسەری گوونجاوی هێندیک لە لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان، ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی بە مووشەک(هاژەک) و درۆن و پەلاماری سەربازی و گێچەڵی سیاسی، ولامی داونەتەوە. ئەوەش وایکردووە کە گشت تاکێکی کوردستانی و بگرە ئەندام و پێشمەرگەکانی سەنگەری بەرگریش، بیر لەوە بکەنەوە، کە ئایا باشتر نییە لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاری بکەونە بەر ئەو هەموو  هێرشی دڕندانەیەی داگیرکەری ئیرانی، نەک لە پێناو داواکاری زۆر کەمتر لە ئاست گەورەیی گەلەکەیان، ئەو هەموو سزا گەورەیە بدرێن.

دروستبوونی پارتی سەربەستیی کوردستان و هۆکاری هەڵبژاردنی ڕێبازی سەربەخۆیی یەکجاری بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە خوێندنەوەیەکی وردبینانەی مێژووی پێشووتری خەباتەکانی گەلی کورد بووە. هەر بۆیەش لە سە ئەو بڕیارە پێداگرین، کە **خەبات لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاری دروستترین خەباتە**. بۆ ئەوەی لە ئاست جیهاندا بە چاوی قورس بڕواندرێتە تێکۆشانمان، بۆ ئەوەی مافەکانی خۆمان کەم پێشان نەدەین، ڕێگە بە داگیرکەرانی خاک و سەروەت و سامان و مێژوو کەلتورمان نەدەین، چیدیکە دەستەمۆمان بکەن.

زۆربەی ئەو نەتەوانەی ئەمڕۆ بە فەرمیی لە گۆڕەپانی سیاسی جیهاندان، ئەوانیش سەردەمانێک ولاتەکانیان ژێردەستە و داگیرکراوبوون. بەشی زۆری ئەو نەتەوانە بە خەبات وتێکۆشانی بەردەوامیان توانیویانە سەربەخۆیی ولاتەکەیان دابین بکەن، و خۆیان لە ژێر ستەمی داگیرکەر ڕزگار بکەن. مخابن کورد کە یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی ئەم جیهانەیە تا ئێستاش نەبووەتە خاوەنی قەوارەو کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. واتە کورد یەکێک لە  گەورەترین نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی جیهانە لەم سەردەمەدا. ئەم نەتەوەیە کە خاوەنی کلتوورێکی ڕەسەن، لەمێژینەیە، خەباتێکی نەپساوە، بێوچان و خوێناوییە. هەزاران ساڵە لەو نیشتمانە پڕپیت و بەرەکەتەیدا دەژی کە ناوی "کوردستان"ە. گەلی کورد کۆڵنەدەرانە وخۆبەخشانە بۆ پاراستنی زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی دراوە و نکۆڵی لێکراوە، هەوڵی زۆری داوە. ئەم گە لە بۆ گەیشتن بە کاروانی شارستانیەتی جیهانیی و ژیانێکی سەربەست و ئازاد کە شیاوی هەر مرۆڤێک بێت خەباتی کردووە. ئەگەر چی لەم پێناوەدا تووشی هەڵدێر و کەندوکۆسپ و زۆر جارانیش بە هۆی پەلاماری بێ بەزەییانەی دوژمن کەوتۆتە بەر هەڕەشەی پاکتاوی ڕەگەزیی، لە ڕاونان و بەندکردن و لە سێدارەدان و تێرور تا ئەنفال و کیمیاباران، بەڵام چرکە ساتێکیش لە خەباتی خۆی لە بەرامبەر دوژمنانی شۆڤینیستیدا نەوەستاوە و شێلگیرانە بەربەرەکانیی کردووە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی نە زۆر دووری نەتەوەکەمان بدەینەوە باش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەچۆن سەدان ساڵە کورد لەژێر دڕندانەترین ستەم وپەلامار و ئازاردا بووە وچەندە قارەمانانە و کۆڵنەدەرانە کاروانی خەباتی تا

ئێرە هێناوە. هەروەها بە یەکێک لەو نەتەوە ئازایانە لە ئاست جیهان دەبینرێت کە سەرەرای سەدانساڵ داگیرکاری، نەتوانراوە زمان و فەرهەنگی خۆیان لێ بسێندرێتەوە. زۆر لە نەتەوەکانی ئەفریقایی و ئەمریکای باشوور و ئاسیاش کە چەند ساڵ وەڵاتەکەیان داگیرکراوە، زمان و فەرهەنگی خۆیان لە بیر نەماوە و زمانی ئەو ولاتەی داگیریان کردون بووەتە زمانی رەسمی وڵاتەکەیان. بەڵام گەلی کورد مێژوویەکی پڕ لە شانازیی بۆ خۆی تۆمارکردووە. پاش دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی وسەفەویی( ١٥١٤)ی ز، تا ئیستاش کە لە هەزارەی ٢١داین، بێکۆلدان و بە تێپەرکردنی دەیان پلانی جۆراجۆری داگیرکەران، کە نوێترینیان پەلاماردانی بەردەوامی ئاسمانی و هەڕەشەی لە ناوبردنی تەواوی تێکۆشەرانی ڕزگارییخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لە ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ زیاتر پەرەی سەندووە، شەری ناحەقی داگیرکەران بەرامبە بە گەلی کورد بەردەوامە، بەڵام خەباتی گەلەکەشمان نەوەستاوە، و تا گەیشتن بە لووتکەی سەربەخۆیی یەکجاری درێژەی هەیە. بە خۆشییەوە لەم ئانوساتەدا گەلەکەمان لە نێو شۆڕشێکی نوێدایە بە ناوی شۆرشی ژینا. تیشک و بروسکەی ئەم شۆرشە بەرەو ڕزگاریی یەکجاری هانمان دەدات.

**بەشی سێیەم: خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە گشتی:**

لە هەلومەرجی باسکراوی ئەمڕۆی جیهاندا، کەم نەتەوەی بەو ژمارە زۆرەی سەرەوە ٥٠ میلیۆنی وەک کورد هەیە، کە بندەست و بێبەش لە مافی سەلماوی نێونەتەوەیی بێبەشکرابێت، و لە شێوەی کۆلۆنیدا ڕاگیرابێت. بێجگە لەو بەشەی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە تاڕادەیەکی باش و بەرچاو سەرکەوتنی بەخۆوە دیوە، لە بندەستی دلڕەقترین دیکتاتۆری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕزگاریان بووە وخاوەن سەربەخۆییەکی نیوەچڵن، کە بەردەوام لە لایەن بەغداوە بە فیتی ئێران گێچەڵی سیاسی و یاساییان بەرامبەر دەکرێت، بەڵام ئەوانیش خۆڕاگرانە تا ئێستا ئەو دەسکەوتەیان پاراستووە. هەروەها لە ڕۆژئاوای نێشتیمانیش نیمچە دەسەڵاتێکی کوردی بوونی هەیە، کە ئەوەش بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی تورکیا و سوریادایە.

بەڵام هێشتا جوڵانەوە و ڕاپەڕین و بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕێژیمی داگیرکەر بەردەوامە. هەروەها خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە باکووری وڵاتیش بەردەوامە و تا ڕادەیەکیش ڕێژیمی تورکیەی ناچار بە پاشەکشەیەکی مێژوویی کردوە. ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە کە قەت ئامادە نەبووە تەنانەت ناوی کوردیش ببیسێ وحاشا لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد و وڵاتێک بە ناوی کوردستان دەکرد. بەڵام لە ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆر لە ئارادایە.

بێجگە لە هێرشەکانی گروپی توندڕەوی وەک داعش، و خۆڕاگری گەلەکەمان لەو ٢ بەشەدا، لە ئیستا شەر و پەلاماری بەردەوامی وڵاتانی ئیران و تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بە مەبەستی دژایەتی کردنی ئەو دەسکەوتانە بەردەوامە.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دووهەمین بەشی کوردستانی مەزنە، لەباری جۆغرافیەوە هاوسنوورە لەگەڵ خاکی چەند نەتەوەیەک، کە خاکی هەمووان لە لایەن ڕیژیمی ئێرانەوە داگیرکراوە. ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد لە (٢٠٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشە، بەڵام لە ڕوانگەی داگیرکەرانەوە بە (١٥٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشەش پێوانە ناکرێت.

وێڕای پارچەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، هەر لە ماکۆوە تا ئیلام خاوەنی دەیان شۆڕش وجووڵانەوەی نیشتمانپەروەرانەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانازی دامەزراندنی دووهەمین دەوڵەتی هاوچەرخی سەربەخۆی کوردستانە لە مێژوی گەلەکەماندا! واتە لە پاش حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک کە ناسناوی دەوڵەتی باشوری کوردستانی پێوە بووە. کۆمارە تەمەن کورتە دیمۆکراتەکەی کوردستان، کە ئەمرۆ بووەتە مێژوویەکی پڕ لە شانازیی بۆ هەموو گەلی کوردستان، یەکێکە لە شانازیەکانی خەباتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بناغەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو.

ئەگەر چی هەلومەرجی ئەو کات ڕێگای نەدا کە ئەو دەوڵەتە کوردیە بتوانێ هەموو شارەکانی کوردستان بێنێتە ژێر دەستەڵاتی خۆی، بەڵام بەشێک لە ناوچەکانی مووکریان و بەشێک لە ناوچەکانی ئەردەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەڕێوە دەبرد. بەداخەوە ئەو کۆمارە تەنیا ١١مانگ توانی خۆی بگرێت. لە پاش تێکچوونی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە تا ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاتنی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان بەردەوام چەوساونەتەوە. بە تایبەت لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئیران لە ساڵی ١٩٧٩و تەواوی کوردستان میلیتاریزەکراوە. بە دەیان هەزار کوردی ئازادیخواز ڕاپێچی بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئێران کراون. بە دەیان هەزار لاوی کورد ملی بە پەتی سێدارەوە کراوە، بە ملیۆنان خەڵک ئاوارە و دەربەدەرکراوە. بە سەدان هەزار لاومان ئاڵودەی مادەی هۆشبەر کراوە. هەموو جۆرە ئازادییەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئاینی بە رووی خەڵکەوە داخراوە. ئەوانەش هۆکاری سەرەکی بوون، کە گڕی خەبات بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە. واتە مێژوو سەلماندوویەتی کە هەرگیز بە گۆڕینی ڕێژیمە داگیرکەرەکان، کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە و بگرە خرابتر بووە.

## بەشی چوارەم:

## لیبراڵ دیمۆکرات Liberal Democrats

وەک نوێکاری لە دامەزراندنی ئەم پارتە نوێیە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە بیرۆکەی پارتێکی لیبراڵدیمۆکرات دەسپێکی کاری خۆی ڕاگەیاند، لە یەکەمین کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستان، چەمکی **لیبراڵ دیمۆکرات** وەک هزرێکی ڕامیاری(سیاسی) نوێ، بە فەرمی پەسەند کرا، و بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا هاتە نێو جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لە مێژ ساڵە پارتەکانی کوردستان، شێوەی سیاسەتی سەردەمیان یا دروشمی دواڕۆژیان بۆ ئیدارەی کوردستان، وەک لاسایی کردنەوەی سیاسەتی باو، لە ناوچەکەدا:سوسیال دیمۆکرات، یا کۆمۆنیست و چەپگەرایی بووە. ئەمەش وایکردوە کە زیاد لەسێ چارەکە سەدە لە جووڵانەوەی کوردی هەر لە نێو ئەو بازنەدابمێنێتەوە! کەچی لای هەڵگرانی ئەو باوەڕە، لیبرالیزم بە چەمکێکی نەگونجا و نالەبار پێناسە کراوە. بەڵام پێچەوانەکەی ئەو وڵاتانەی کە توانیویانە لە بواری مافی مرۆڤ، مافی تاک، مافی ژن، بووژانەوەی دیمۆکراتی وئابوری وسەربازی، بە جیهانیبوون( گلووباڵ) و خاوەنی دەسەڵات و زانستبوون و پێشکەوتوون، لە وڵاتانی هەڵگری سیستەمی لیبرالدیمۆکرات بوون. یا چەمکی لیبراڵیەت و مانای ئازادیی و گەشانەوەی ئابووری و

ژیانی کۆمەڵگای بە کارهێنەر، بە شێوەی ژینگە و پێکهاتەی کۆمەڵگاکانی جیاوازی جیهان دەتوانرێت، شیکردنەوەی لە سەر بکرێت.

**لیبراڵیەتی کوردی:** پێناسەی ئێمە بۆ گوونجاندنی لیبراڵیەتی کوردی لە چوارچێوەی ئایدیای لیبراڵدیمۆکراتدا، بە شێوەی پێناسەی ئازادی و بووژانەوەی ئابووری و کردنەوەی دەرگایەکی دیپلۆماسی کوردستانی ڕوو بە جیهانی لیبراڵیەتدا مەبەستمانە. واتە لە چوارچێوەیەک کەڵک وەردەگرین کە زیان بە نەریت و پێگەی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگای کوردەواری نەگەیەنێت. نەک بە واتایەکی دیکەی جیاواز لە نەریتە ڕەسەنەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان.

بۆیە پارتی سەربەستیی کوردستان بەپێی هەڵسەنگاندی مێژووی لیبرالیزم لە جیهاندا کە ئوروپا و ئەمریکا نموونەیەکی بەرچاوی ئەو سیستەمە هزریەن، دیسانەوە لە کۆنگرەکانی سێیەمیدا، بڕیاردرا کە **لیبرال دیمۆکرات** وەک چەمکێکی بووژانەوەی ئابووری و پەرەسەندن و پێشکەوتنی وڵات و پاراستنی ئازادییەکانی کۆمەڵگاکەمان، بکات بە ئایدیای دوارۆژی خۆی لە کوردستاندا. واتە کوردستانێکی سەربەخۆ و سەربەست ولیبراڵدیمۆکرات. بە واتای لیبراڵێکی کوردی، کە لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا بگونجێت.

لە زۆربەی وڵاتانی ئازاد و ئاوەداندا، کە کێشەی ئازادی خاک و ئابووریان نیە، لە بواری دیکەوە کەڵک لە لیبراڵیەت وەردەگرێت، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ ژینگەو پێکهاتەی کۆمەڵگاکەی ئێمەی کوردستانی و زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤینیش. بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە لیبراڵیەتی کوردی، واتە ئەو چەمکە نابێت کە لە هێندێک وڵاتدا بە کار دەهێنرێت و بە گوومانەوە سەیر دەکرێت.

**بەشی پێنجەم:**

**ژن لە ڕوانگەی پارتی سەربەستیی کوردستانەوە.**

بەشێکی دیکە لە ئەرکەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان، گرینگیدانە بە پێشکەوتنی ژنان ومافەکانیان لە ناو کۆمەلگای کوردستان و جیهاندا. ئازادی ژنان هەمیشە بەڵگەی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بووە لە جیهاندا. بەخۆشییەوە ژنانی کوردستان هەمیشە پێشەنگ بوون لە خەبات لە پێناو مافی ڕەوای گەلەکەیان، و هەروەها لە پێناو ماف وئازادییەکانی ژنانی کوردستانیش. لە ئێستادا کیژان و ژنانی کوردستان واتە لە سەردەمی کارەساتی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە ١٦ / ٩ / ٢٠٢٢ی زاینی بۆ سەرەوە، سەلمێندرا چەندە پێشەنگی خەباتن. هەڵگری درووشم و دەستەواژەی« ژن ژیان ئازادی» کە ئێستا ئەو دەستەواژۆییە لە ئاست جیهاندا پشتیوانی لێدەکرێت. ئەو درووشمەش لەم شۆرشە نۆیەی ژینادا لە نێو ژنانی کوردستاندا سەریهەڵدا و لە ئێران و جیهاندا پێشوازی گەورەی لێکرا. لەو پێوەندییەشدا لە بەشی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی مادەیەکی تایبەت بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی ژنان، لە ڕیبەریکردنی کارو ئۆرگانەکانی ناو پارتەکەمان، لە ناو بەرنامەو پرۆگراممان هاتووە.

**بەشی شەشەم: چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ئەتنیک ،زاراوە و ئاینی جیاواز هەیە. کە بەم شێوەی خوارەوە پێناسە دەکرێن.

بێجگە لە ئایینی ئیسلام کە لە ئێستادا ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، ئایینی دیکەی وەک یاری و زەردەشتی کە بە دووهەمین ئایینی ناوچەکە دەناسرێن، کە سەدانهەزار کەسیش لە ناوچەکانی کرماشان وئیلام و لوڕستان پەیرەوانی ئەو ئایینانەن، هەروەها ئایینی بەهایی وجولەکە و مەسیحی (فەلەیی) لە ناوچەکانی کوردستاندا هەن.

پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵدەدا بۆ بە دەستهێنانی مافی ئەو کەمە نەتەوەو کەمە ئایینانە، وەک هاوڵاتیەکی کوردستانی و لە بودجەو پرۆژەکانی کوردستاندا بێبەش نەکرێن.

*******************

## دەروازەی دووەم: پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان

## بەشی حەوتەم: ئامانجە گشتیەکان

١ـ پارتی سەربەستیی کوردستان (پ س ک)، نیشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانیەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بە یەک نەتەوە دەناسێ، ئەو سنوورانەش کە خراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردووە، بە دەستکردی داگیرکەر وسنووری زۆرەملییان دادەنێ و بە ڕەسمییەتیان ناناسێت. بەڵام لە قۆناغی ئێستای شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان. پ س ک بە پێێ چەندین هەڵسەنگاندنی ڕامیاری(سیاسی) وستراتیژیکی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات وتێکۆشانی ئێستای تەرخان دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان، واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێرانی داگیرکەر.

٢ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت و بەپێێ جاڕنامەی مافی مرۆڤ بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان هەوڵدەدات. بێجگە لە گەلی کورد کە زیاد لە٩٠٪ دانیشتووانی سەر ئەو خاکەن، چەندین کەمایەتیش لە کوردستاندا دەژین، لە پرۆژە و سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا بە هاووڵاتی کوردستان دەناسرێن. باوەڕمان بەوەیە کەمافەکانیان لە چوارچێوەی کوردستانێکی دیمۆکراتدا لە هەمووبوارەکاندا پارێزراوبێت.

٣ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، بەگوێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات.

٤ـ پارتی سەربەستیی کوردستان لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و دیمۆکراتیک و ئازادیخوازیی سەرانسەری گەلانی بندەستی ئێران پشتیوانی دەکات. گرنگی بە پێوەندی دۆستایەتی و دراوسێیەتی دەدات، بە تایبەت لە بوارەکانی پرۆژەی هاوبەشی ئابووری و سیاسی و ئاشتیدا.

٥ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، لایەنگری ئاشتی و هێمنایەتیە لە جیهاندا، لە خەباتی گەلانی بندەست و چەوساوە بۆ ئازادی ودیمۆکراسی و لە نەهێشتنی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە پشتیوانی دەکات. بەگوێرەی جاڕنامەکانی جیهانی مافی مرۆڤ، بۆ دابینکردنی ئەو مافانە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی جیهاندا تێدەکۆشێت.

### بەشی هەشتەم : ئامانج و دروشمە ستراتیژیەکان

دروشمی پارتی سەربەستیی کوردستان بریتیە لە:

١- پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لیبراڵدیمۆکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢- دەوڵەتی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە گوێرەی یاسا وڕێوشوێنی پەسەندکراوی زۆربەی شارۆمەندانی وڵات، کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە دەبات.

٣ـ دەوڵەتی دیمۆکراتی کوردستان، خاوەنی پەرلەمانی نەتەوەیی(ماڵی گەل) دەبێ کە ئەندامانی ئەو پەرلەمانە، پێکهاتبن لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، کە بەگوێرەی ئاپۆڕای گەل لە ناوچەکاندا لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

٤ـ دەوڵەتی دیمۆکراتی کوردستان، لە ڕێگەی پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووری و سەروەتی

سەرخاک و ژێرخاکی وڵاتمان، لە بەرژەوەندی هەمو چین و توێژێکی وڵات کەڵک وەردەگرێت.
٥- ئامانجی دوارۆژی پارتی سەربەستیی کوردستان سیستیمێکی سێکولاری مۆدێرنی لیبراڵ دیمۆکراتە. کە تێیدا مافی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئەتنیکی و ڕەگەزی تێدا پارێزاراو بێت.

**تێ بیٚ نی: پ س ک لە نامیلکەیەکی تایبەتدا پێناسەی زیاتر لە سەر چۆنیەتی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات.**

**هەنگاوی یەکەم بۆ قۆناغی ئێستای خەبات ( قۆناغی ڕزگاریی نیشتیمانی)** دریژەی بەشی٨

٦ / پارتی سەربەستیی کوردستان، لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا لە هەر دەستکەوتێکی سیاسی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات و هەر بەشێکی کوردستان کە بەدەستی بێنێ پشتیوانی دەکات. هەر هەنگاوێکی ئەوتۆ بە پلەیەک و هەنگاوێک دەزانێ بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی. بەڵام "پارتی سەربەستیی کوردستان"، وێڕای پشتیوانی لە هەر چەشنە دەسکەوتێکی سەرەتایی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان، واز لە چالاکی وتێکۆشانی سەربەخۆییخوازیی ناهێنێت. بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەو هزرە بتوانێ دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت.

٧ / پارتی سەربەستیی کوردستان لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشبردنی ئەرکی سیاسی و ڕێکخستنی خۆی، لە کاتی ڕزگاربوونی خاکی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە هەڵدەگرێت:
ئا- بە هاوکاری هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکەوە بۆ پارلمانی کوردستان دابمەزرێت.
ب- دانانی یاسایەکی بە پەلە، کە بە شێوەی ڕەشنووس، لە لایەن خەڵکەوە دەنگی پێ بدرێت.
پ- پەرەدان و گەشەکردنی زمان، ئەدەب، فەرهەنگ و هونەری کوردی
ت- ڕێزگرتن و پەرەپێدانی داب و نەریتی نەتەوایەتی کورد لە هەموو بوارەکانی کولتووریدا
ج - دانانی فێرگە و قوتابخانەی خێرا بە زمانی کوردی، بۆ منداڵان و لاوان و گەورەساڵان لە گوند و شار، بە مەبەستی بووژانەوەی زمانی کوردی، و نەهێشتنی نەخوێنەواری لە وڵاتدا
چ - ڕێکخستن و هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتییی، و ئابووری و فەرهەنگیەکان، هەروەها بۆ دروستکردنی سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنیی وپیشەییەکان
ح- سەلماندنی مافی یەکسان بۆ ژنان وپیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکاندا، هاندانی ژنانی کورد بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی دیمۆکراتیکی تایبەتیی خۆیان و هاتنەمەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری وبەشداریان لە پۆستە گرنگەکانی وڵاتدا
خ ـ هاندانی لاوانی کورد بۆ فێربوون و داهێنان وپاراستنی داب ونەریتی ڕەسەنی جوانی کوردەواری، بە پێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەت بە مەبەستی بووژانەوە لەو بوارەدا. هەروەها بەشداریان لە چالاکی فەرهەنگی، هونەری و سیاسی ناو وڵاتدا.
د- سەلماندن و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەیی وکولتوری کەمایەتیەکانی دانیشتووی کوردستان، و نەهێشتنی هەڵاواردەیی وجیاوازی و هانی بەشداریکردنیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی و کاروباری

کۆمەڵایەتی.
ر- سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی داگیرکاری فارسی لە ناوچەکانی کوردستاندا.

**دەروازەی سێیەم:**

**بەشی نۆیەم: جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکان.**

**ئا :** پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵ دەدا:

١. بۆ دیاریکردن و ناساندنی تەواوی جۆغرافیای خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سنوورەکانیەوە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان، لەگەڵ گەلانی دراوسێمان وەک فارس، ئازەری و عەرەب هتد.

٢. بە بپشتیوانی دادوەرانی نێونەتەوەیی بۆ هێنانەوەی شار وناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر جوغڕافیای کوردستان، بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، شوێنەکانی کە پێشوو بە مەبەست و پیلانی تایبەت لە سەر جۆگرافیای کوردستانیان دابڕیون.

٣. هەوڵدان بۆ دارشتنەوەی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ (٧) پارێزگا بە پێی بەڵگەی مێژوویی و یاسایی جیهان بۆ پارێزگاکان.

**ب : پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

تا ئەم سەردەمەی کە جووڵانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە، بەشێکی کەم لە خاک و ناوچەکان بەڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، بەرنامە و پرۆژەی داهاتووی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ناساندن وگەڕاندنەوەی ناوچەکانی کوردستان بە (٧) پارێزگا، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ پارێزگای کرماشان.
٢ـ پارێزگای ئیلام.
٣ـ پارێزگای لوڕستان.
٤ـ پارێزگای ورمێ.
٥. پارێزگای سنە.(ئە ردە لان)
٦. پارێزگای هەورامان ـ
٧. پارێزگای مووکریان.

**بەشی دەیەم: ئابوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

پارتی سەربەستیی کوردستان، هەوڵ دەدا بۆ:

١ / ناساندن و ئاشکراکردنی سامانی شاراوە و داگیرکراوی ئابوریی وڵاتی کوردستان لە گشت بوارێکدا. هەروەها لەڕێگەی حکوومەتی هەڵبژێردراوی کوردستانەوە، بە مەبەستی بونیاد و ئاوەدانی و خزمەتگووزاری زیاتر، پێشنیار بۆ بانگهێشتنی کومپانیا گرنگەکانی جیهان دەکات، بێنە کوردستان، بۆ ئەوەی بناخەی ئابووریی وڵاتی کوردستان گەشە بکات.

پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵدەدا کە: لە ڕێگەی دارایی وسامانەکانی کوردستانەوە لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان، بە پێی پێویست زانکۆ وکارگە وشوێنی خزمەتگوزاری خەڵک

دروست بکات.
٢ / هەوڵدەدا بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە گوندەکاندا.
٣ / هەوڵدەدا بۆ دابینکردنی کەرەسەی پێویست بۆ جووتیارانی کوردستان.
٤ / هەوڵدەدا بۆ کردنەوەی کارگەی جۆراوجۆری پێوەندی بە کشت وکاڵەوە، بۆ گەشەی ئابووری لە کوردستان و هەناردەکردنی بەروبوومی سەر خاکی کوردستان بۆ دونیای دەرەوە.
٥ / پارتی سەربەستیی کوردستان، لە ئێستای قۆناغێ ڕزگاریی نیشتیمانیدا لە تاراوگە، لەو بوارەدا گەلێک پێوەندی وئاشنایی لە گەڵ لایەنی جۆراوجۆر پێکهێناوە، بەردەوامیش دەبین بۆ ئاسانکاری پێداویستییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەشی یانزەیەم: چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**
ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ئەتنیک ،زاراوەو ئاینی جیاواز هەیە. کە بەم شێوەی خوارەوە پێناسە دەکرێن.
بێجگە لە ئایینی ئیسلام کە لە ئێستادا ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. ئایینی دیکە وەک یاری و زەردەشتی کە بە دووهەمین ئایینی ناوچەکە دەناسرێن، کە سەدانهەزار کەسیش لە ناوچەکانی کرماشان وئیلام و لوڕستان پەیرەوانی ئەو ئایینانەن، هەروەها ئایینی بەهایی وجولەکەو مەسیحی (فەلەیی) لە ناوچەکانی کوردستاندا هەن.
پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵدەدا بۆ بە دەستهێنانی مافی ئەو کەمە نەتەوەو کەمە ئایینانە، وەک هاوڵاتیەکی کوردستانی و لە بودجەو پڕۆژەکانی کوردستاندا بێبەش نەکرێن.

*****************

## دەروازەی چوارەم: پێڕەوی ناوخۆی پارتی سەربەستیی کوردستان

### بەشی دوازدەیەم: تایبەت بە ناو

١. ناوی پارتەکە، بە ڕێنووسی کوردی سۆرانی (پارتی سەربەستیی کوردستان) ە.
٢. ناوی پارتەکە بە ئینگلیزی و لاتینیش هەر بە (Party Serbesti Kurdistan PSK) دەنووسرێت و دەناسرێت. بەڵام لە کاتی دیداری پێویستا ماناکەی وەردەگێڕدرێتەوە سەر زمانی لایەنی بەرامبەر.
٣ / بە فارسی و بە عەرەبی دەبێتە (حزب سربستی کوردستان)

٤. کورتکراوەی پارتەکە بە کوردی دەبێتە (پ س ك) یان (پسك). کورتکراوەکەی بە ئینگلیزی و پیتی لاتینی دەبێتە (P.S.K).

**بەشی سیانزەیەم : ئارمی پارتی سەربەستیی کوردستان و پێناسەی ناو ئارم.**




١ - ڕەنگی سەوز مانای سەرسەوزی و ئاوەدانی کوردستان دەگەیەنێت.
٢- نەخشەی سەردەمیانەی ئێستای کوردستان بەڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانەوە.
٣- گوڵەگەنم، بەنیشانەی دەوڵەمەندیی کوردستانە لە بواری ئابوری و کشتوکاڵدا.
٤- کۆتری ئاشتی بە ڕەنگی سپی ئازادکراو لە قەفەسدا، بە نیشانەی ئازادی وئاشتیخوازی گەلی کوردە.
٥ - ڕەنگی سوور، بە نیشانەی بەخشینی خۆینە بۆ ڕزگاری وڵاتی داگیرکراومان.
٦- نووسراوەی P.S.K کورتکراوەی ناوی "پارتی سەربەستیی کوردستان"ە.
٧. ڕەنگی ئاڵتوونی لە ناو لۆگۆکەدا، مانای دەوڵەمەندی خاکی کوردستانە لە بواری سامانی ژێر زەمینی و سەرزەمینی.

**بەشی چواردیەم: پێناسە و مێژووی دامەزراندن:**

پارتی سەربەستیی کوردستان لە ٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٠٥ کوردی، بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٢/١٧ زاینی دامەزراوە. پارتێکی ڕامیاری و سەربەخۆیی وڕزگارییخواز و لیبراڵدیمۆکرات وپێشکەوتووخوازە، لە پێناو وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەبات دەکات. ئەم پارتە تێدەکۆشی بۆ سەربەخۆیی و دیمۆکراسی و ئاشتی و ئازادی، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، ڕێزی بەرامبەر بۆ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینە جیاوازەکانی دانیشتووی سەر خاکی کوردستان.

**تێ بی نی: لە بەشی دەربارەی ( پ س ک) لە سایت و میدکانمان پێناسەی زیاتر و نوێتر دەبینن.**

**پانزەیەم: پەیکەر و ئۆرگانەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان**

پەیکەری بنەرەتی شێوەی دارشتنی پارتی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە: هەموو ئۆرگانەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرێ بە دەنگی زۆرینە هەڵدەبژێردرێن. کارەکانیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەرێوە دەچن. ئۆرگانەکانی پارتی بە رێکوپێکی راپۆرتی چالاکی خۆیان بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەن. لە نێو پارتیدا بۆ هەموو ئەندامان بێ جێوازی یەك دیسیپلین هەیە، بریاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر بەرێوە دەچێ. تاك پەرەستی و تاک بریاری و سەرەرۆیی لە پارتیدا جێگای نیە.

**پەیکەر و ئۆرگانەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان.**




**کۆنگرەی گشتی**

**سەرۆکی گشتی**

**ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی**

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی**

**ناوەندەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

**هەرێمەکانی پ س ک بۆ شارو ناوچەکان.**

**کۆمیتەی ناوچەکان**

**ڕێکخستەکان**

**شانە**

**دەروازەی پێنجەم: تایبەت بە ئەندامەتی لە ریزەکانی پارتی سەربەستی کوردستاندا.**

**بەشی شانزەیەم:**

دوو شێوە ئەندامەتی لە نێو پارتی سەربەستیی کوردستاندا هەیە، کە پێیێ دەگووتریت ئەندامەتی بە پلەی ئا (A) و ئەندامەتی بە پلەی(B) .

هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستان و هەر کوردێکی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بژین دەتوانن ببنە ئەندامی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەم مەرجانەی خوارەوە:

**ئا:** باوەڕەی بە سەربەخۆیی کوردستان هە بێت و ڕژیمی دەسەڵاتداری ئێران بە داگیرکەر بزانێت.
**ب:** تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێت.
**پ:** بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی پارتی لاپەسند بێت.
**ت:** بە مرۆڤێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بناسرێ و کەسێکی زیانبەخش بۆ مرۆڤایەتی نەبێ.

**شێوەی وەرگرتنی ئەندام:** درێژەی بەشی ١٦

دەبێت فورمی داواکاری ئەندامەتی پڕ بکاتەوە. ئەو فورمە لە لایەن نزیکترین ڕێکخراوی پ س ک، پەسەند بکرێت. بە پێێ شوێنی ژیانی کەسی داواکار، فۆرمەکە بنێردرێت بۆ ناوەندی ڕێکخستنی ناوخۆ یا دەرەوە. لە لایەن ناوەندی پێوەندیداری **پ س ک** بناسرێت وماوەی چاودێری و ئەو ناوەندە تێپەڕ بکات. پاشان لە لایەن بەرپرسی ناوەندی ڕێکخستنەوە واژۆی لە سەر بکرێت.

**بەشی حەڤدەیەم: ئەرکەکانی ئەندامی پ س ک .**

**ئا:** تێبکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوییی و سەربەخۆیخوازی لە نێو چین و توێژەکانی کوردستاندا.
**ب:** تێبکۆشێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتیمان کە لە بەرنامەکەدا هاتوون، و سیاسەتی **پ س ک** لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە.
**پ:** هەوڵبدات بۆ پاراستنی نهێنییەکان و تەبایی نێوان ڕیزەکان، و هەروەها پاراستنی پرینسیپەکانی ڕامیاری سیاسییەکانی پ س ک.
**ت:** پەیڕەوی تەواو بکات لەو یاساو بەرنامە و پرۆگرامانەی کە پەسەندکراوی کۆنگرە و خاوەنی زۆرینەی دەنگی ئەندامانە.
**ج -** لە ڕێکخراوێکی تایبەتی **پ س ک** تێکۆشانی هەبێت، مانگانەی دیاریکراوی ئەندامەتی بدات.
ح – ئەندامی پ س ک نابێت لە هەمان کات پروپاگەندە بۆ لایەنی دیکەی سیاسی کوردی بکات، یا ئەندامی لایەنێکی دیکەی سیاسی کوردی بێت.
بەڵام دەتوانێ ئەندامی لایەنێکی سیاسی بێت لە یەکێک لە وڵاتانی ئوروپایی، ئەمریکایی، یا ئوسترالیایی، کە ڕەگەزنامەی دووەمی لەو وڵاتەدا هەبێت. هەروەها دەتوانێ ئەندامی هەر ڕێکخراوێکی مەدەنی کوردیش بێت.

**ئەندامی پشتیوان یا هاوبیر بە پلە B ب.** پاشماوەی بەشی ١٧

هەر کوردێک ئامادە بێت پشتیوانی پ س ک بکات، بەڵام ئامادە نەبێت مەرجەکانی سەرەوەی ئەندامەتی جێبەجێ بکات، دەتوانرێت پلەی B" پشتیوان" هاوبیر یا لایەنگری پێ بدرێت، "ئەندامی پشتیوان" بە پلەی **ب**، هەموو مافەکانی ئەندامەتی نیە. ناتوانێت لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی تایبەتی وناوخۆیی ئەندامان بەشداری بکات و خۆ کاندیدبکات. بەڵام دەتوانێ لە ڕێکخراوە مەدەنی و ڕۆشنبیری و مرۆییەکان خۆی هەڵبژێرێ و بەرپرسایەتیشی هەبێت.

**بەشی هەژدەیەم: مافەکانی ئەندامی پ س ک:**

ئەندامی پارتی سەربەستی مافی ئەوەی هەیە کە:

١. بۆ ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی پارتی، خۆی هەڵبژێرێ.

٢. لە کۆبوونەوەکانی پارتیدا ڕەخنە بگرێ و پێشنیاری پێویست بدا.

٣. لەسەر هەر ئۆرگانێك لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر داوا پرکاتەوە ئەگەرکردارێکی نایاسیی لە چوارچێوەی پارتەکە و بیری نەتەوەیی بەدیکرد.

٤. ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ولاتانی ئورووپا، ئەمریکا، ئوسترالیا، ولاتانی دیکەی دیموکرات مافی ئەوەیان هەیە: ببنە ئەندامی یەکێک لە پارتەکانی ئەو ولاتانە، بۆ ئەوەی، هەم بەکردەوە مافی شارۆمەندی خۆیان لەو ولاتەدا بەدەستبێنن، هەم لەو ولاتانە هەوڵبدەن لە رێگەی ئەو پارتانەوە پرسی مافەکانی گەلی کورد و کوردستان بە دانیشتووانی ئەو ولاتەی لێی دەژین بناسێنن و پشتیوانی بۆ کۆبکەنەوە.

**بەشی نۆزدەیەم: لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی و سزادانی ئەندام:**

بۆ لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی پێویستە ناوەندی پێوەندیدار بە ڕێکخستنەکانەوە بریاری لە سەر بدات و سەرۆکایەتی پ س ک پێداچوونەوە بە بریارکەدا بکات و ئەگەر بە دروستی زانی، پەسەندی بکات.

لەبەر ئەم چەند هۆیانەی خوارەوە مافی ئەندامەتی لە ئەندامان وەردیگیرێتەوە:

١. دەستپیسی و گەندەڵی لە دام ودەزگاکانی پ س ک.

٢. بلاوکردنەوە ی مادەی بێهۆشکەر یا هەر شتێکی دیکەی مەترسیدار لە نێو خەڵکدا.

٣. ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بە خەڵک.

٤. سیخوڕی یان پێوەندی نهێنی بە داگیرکەران یا هەر لایەنێک کە دژایەتی لەگەڵ کورد دەکەن.

٥. هەڵسوکەوتی خراپ لە نێو خەڵکدا بەپێچەوانەی پرینسیپ و پێڕەوی نێوخۆیی پارتی.

٦. ژێر بەژێر کار بۆ پارتێک، حیزبێک یا لایەنێکی دیکەی سیاسی بکات.

**دەروازەی شەشەم :**

**بەشی بیستەم: کۆنگرەی پارتی .**

بەرزترین ئۆرگانی پارتی کۆنگرەیە. تا سەردەمانێک شۆڕشی ڕزگارییخوازی ئێمە لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، کۆنگرە لە نێوان ٢ تا ٤ ساڵ جارێك لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر وڕاوێژکارانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، هەروەها نوێنەری هەڵبژێردراوی تەواوی ئۆرگانەکانی پارتی لە کوردستان و دەرەوەی ولات، کە بەپێی ئامارێک کە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە چەند مانگ پێش بەستنی کۆنگرە دیاریدەکات، دەبەسترێت.

**ئەرک ودەسەلاتەکانی کۆنگرە ئەمانەن:** کۆنگرە بالاترین ئورگانی بڕیاردانی پارتی سەربەستیی کوردستانە. باسکردن و هەڵسەنگاندنی تەواوی بەرنامەو پرۆگرامی نێوخۆیی، ڕاپۆرت و پەیکەری گشتی پارتەکە، ڕێبازی گشتی، سیاسی ، ستراتیژی، تاکتیکی لە ئەرکە دیارەکانی کۆنگرەن،

ئەگەر پێویست بوو دەستکارییان دەکا و بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی دەکا. لە بەشێکی دیکەشدا ئەرکی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی گشتی و ئەندامانی ئەسڵی و جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکا و هەڵدەبژێرێ.
پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و سۆسیالمیدیاکان، وایکردووە، کە بەستنی کۆنگرەی لایەنەکانی کوردستانی و جیهان جیاوازتر لە جاران، وچەندین حەفتە پێشتر لە ناردنی ڕەشنووسی گشت بابەتەکانی کۆنگرە بۆ ئەندامانی بەشدار، و ناردنی بۆچوونەکان، وایکردووە کە ئاسانکاری زیاتر بۆ پێڕاگەیشتنی کارەکانی کۆنگرەدا بکرێت. یا زۆربەی ئەندامان بە هۆی دووردەستی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشداری ڕاستەوخۆی کۆنگرە بێت. پ س ک لەو ئاسانکارییانە بۆ کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی، هاوشێوەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی کەڵکی وەگرتووە و وەردەگرێت.

**بەشی بیست ویەکەم: کۆنگرەی نائاسایی:**
کۆنگرەی ئاوارتە(نائاسایی) بە مەرجێک دەگیرێت: کە زەرورەتێکی زۆر پێویست هاتبێتە پێشەوە.
ئا: لەسەر داخوازیی زۆرینەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.
ب: یان لەسەر داخوازیی دوو لە سێیەمی (٢/٣)ی ئەندامان و ڕێکخراوانی پارتی.
پ : لە کۆنگرەی نائاسایی پێویست ناکات، وەک کۆنگرەی ئاسایی دەسکاری زۆر کاری پارتەکە بکرێت، ئەو کۆنگرە تەنیا لە سەر ئەو زەروورەتە پێشهاتە، کە کۆنگرەی بۆ پێکهێنراوە، کارەکانی جێبەجێدەکات.

**دەروازەی حەوتەم. پلۆنۆم یا کۆنفرانسەکانی پارتی**
**بەشی بیست و دووەم: کۆنفرانس و پلۆنۆم.**
لە نێوان ٢ کۆنگرەدا ٢ کۆنفرانس دەبەسترێت. کۆنفرانسی یەکەم چەند ماوەیەک پاش کۆنگرە دەگیرێت، بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمیتەکانی پ س ک، کۆنفرانسی دووەم چەند مانگ پێش کۆنگرە دەگیرێت، بەڵام پلۆنۆم بە پێێ زەرورەت و پێشهاتی گرنگ، دەکرێت هەر ٣ مانگ تا ٦مانگ.
لە کاتی درووستبوونی ئاستەنگ لە بەستنی کۆنگرە، یا دواکەوتنی چەند ساڵێکی کۆنگرە، کۆنفرانس دەتوانێت بەشی زۆر لە کارەکانی کۆنگرە جێبەجێ و ئاڵووگۆر بکات.

**دەروازەی هەشتەم: ئەنجوومەنی سەکردایەتی، دەستەی کارگێڕی،**
**بەشی بیست و سێیەم: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.**
ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە نێو کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن. لە نێوان ٢ کۆنگرەدا، لە پاش دەستەی کارگێڕی، گەورەترین دەسەڵاتی بڕیاردەر لە سیاسەتەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی)یە. خاوەنی ئایننامەیەکی تایبەتی ناخۆیی دەبێت. بە پێێ ئەو ئاییینامە کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت.

**ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی:** بڕیارەکانی کۆنگرە بەڕێوە دەبات. بەرپرسایەتی ناوەند و ئۆرگانەکانی پ س ک لە ئەستۆدایە. لە کۆبوونەوەی مانگانە ڕاپۆرت و پێشهاتە ناوخۆییەکانی پارتەکە و سیاسەتی دەرەکی تاوتوێ دەکات. لانیکەم ساڵێ ٦جار کۆ دەبێتەوە.

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە بەشداریی لانیکەم دوو سێیەمی (٢/٣) ی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەتی دەدرێتێ، بڕیارەکانی وەختێك تۆمار دەکرێن کە زیاتر لە دوو سێیەمی (٢/٣) ی ئەندامانی ئەسڵی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.

**بەشی بیست و چوارەم : هەڵبژاردنی ژنان بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی**

بەپێێ ئاماری بەشداری ژنان لە نێو خەباتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا، هەوڵدەدرێت لانیکەم (٣٠٪) ی ئەندامانی سەرۆکایەتیی پارتی سەربەستیی کوردستان، لە ژنان پێک بێت. بۆ وەدەستهێنانی ئەو ژمارەیە بۆ سەرۆکایەتیی پ س ک. ژنانی ئەندام لە پارتی سەربەستیی و ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان، لە کۆنفرانسی تایبەت بە خۆیان کە یەک حەفتە پێش بەستنی کۆنگرە، بەپێی دەنگی زۆرینەی ژنان، ئەو بەشە دیاریکراوەیان، بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرن، بە بێ هەڵبژاردنی ئەندامانی ناو کۆنگرە، ئەو بەشە لە ژنان دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی. هۆکاری ئەو ئاسانکارییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە داخەوە ئەزموون ومێژوویی زۆرلە پارتە کوردیەکان، ئەوە نیشان دەدات کە ژنان وەک پێویست لە لایەن پیاوانی بەشدار لە کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان دەنگیان پێنەدراوە. هەر بۆیە ژنانی کورد لە سەرۆکایەتیی شۆڕشەکان بێبەشکراون. لە کاتێکدا ژنان هەمیشە هەڵگری بەشی زۆری ئازارو ناخۆشی و نەهاتمەتییەکانی گەلەمان بوون و هەن. لە ئێستاشدا " ژن، ژیان، ئازادی" لە لایەن ژنانی کوردستانەوە بووەتە سیمبوولی ئازادی بۆ ژیان و ژنانی کوردستان و جیهان.

**بەشی بیست و پێنجەم : دەستەی کارگێڕی.**

دەستەی کارگێڕی، دووەمین دەسەڵاتی پاش کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستانە. کە لە یەکەمین پلۆنۆم یا یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردراوی پاش کۆنگرە، هەڵدەبژێردرێن، ژمارەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی پێکدێت لە٣٠٪ ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی. سەرۆکی گشتی و جێگرەکانی بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی ئەو دەستەیە.

دەستەی کارگێڕی جێبەجکارو ڕاپەڕێنەری تەواوی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیە. لە نێوان حەفتانە و مانگانە بە پێی پێویست کۆبوونەوەی بەردەوامیان دەبێت. ڕاپۆرتی کارەکانیان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێشکەش دەکەن.

دەستەی کارگێڕی، مافی ئەوەی هەیە کە بڕیاردەر و یەکلاییکەرەوەی هەر کێشەیەکی ناوخۆی ودەرەکی ( پ س ک) بێت، واتە دەبنە لێژنەی دادوەری ناو پ س ک.

**بەشی بیست و شەشەم: جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.**

بە پێێ ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، پێویستە لانیکەم١٠%جێگر هەبێت. جێگرانیش لەو کەسانە پێک دێن کە دەنگیان بۆ جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هێناوەتەوە. جێگرانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی مافی بەشداریکردنی هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیان هەیە، بەڵام مافی دەنگدانی نییە.

هەر کاتێک ئەندامێکی ئەسڵی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەیەکدا بە هەر هۆکارێک

بەشدارینەکرد، ئەوا جێگری یەکەم بە پێی ڕیزبەندی، مافی تەواوی دەنگدان و بڕیاردانی وەک ئەندامی ئەسڵ لەو کۆبوونەوەدا هەیە. جێگرانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە بێ هەڵبژاردن دەتوانن لە کۆنگرەکاندا بەشداری بکەن.

**بەشی بیست و حەوتەم: ڕاوێژکارانی سەرکردایەتی و سەرۆکی گشتی.**

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سەرۆکی گشتی، هەردووکیان دەتوانن پێشنیاری ڕاوێژکار ئاراستەی کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و بڕیاری پەسەندکردنیان لە سەر بدەن. بۆ نموونە دەتوانرێت لە کەسانی شارەزا و بە ئەزموون لە ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان، و دۆستانی ئەو پارتە لە وڵاتانی بێیانی وەک ڕاوێژکار پەسەند بکرێت.

ڕاوێژکاران هەر کات پێویست بوو لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەشدارییان پێبکرێت، ڕاوێژیان لە سەر بوارە جیاوازەکاندا لەگەڵ بکرێت، و گۆی لە بۆچوونیان بگیرێت. بەڵام لە کاتی دەنگداندا ئەوان مافی دەنگدانیان نییە.

**دەروازەی نۆیەم : سەرۆکی گشتیی، مەرج و بڕیارەکان، جێگرانی سەرۆک.**

**بەشی بیست و هەشتەم:** سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان، ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەندامانی بەشداری ناو کۆنگرە، پێش لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت. دەبێت دەنگی زیاد لە نیوەی بەشداران بە دەست بێنێت. ئەگەر ژمارەی کاندیداکان لە ٢ کەس زیاتر بوو، لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم هیچیان دەنگەی زۆرینەی یەک زیاد لە نیوەیان بە دەستنەهێنایەوە، ئەوا لە هەڵبژاردنی دەورەی دووهەمدا دەنگی کامیان زیاتر لەوی دیکە بوو، ئاکامەکە یەکلا دەبێتەوە.

سەرۆکی گشتی: مافی ئەوەی هەیە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، چەند ڕاوێژکارێک لە ئەندامانی پ س ک. کەسانی شارەزاو دۆستی کورد لە وڵاتانی بێیانیدا بۆ خۆی هەڵبژێردێت.

**کێ مافی خۆ پاڵاوتنی بۆ سەرۆکی گشتی هەیە:** درێژەی بەشی ٢٨

ئەو کەسانە دەتوانن خۆیان بۆ سەرۆکی گشتیی بپاڵێون کە خاوەن ئەو مەرجانەی خوارەوەبن.

ئا: ئامادەبن دایم وەخت لە خزمەت کاری پارتەکەدا بن.

ب: لە نێۆ پ س ک دا پێشترئەزموونی بەرپرسایەتی و دیپلوماتیەتیان هەبووبێت،

پ: لانیکەم ٣ ساڵ ئەندام بووبێت لە ناو پارتی سەربەستیی کوردستان.

ت: تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

سەرۆکی گشتی مافی ئەوەی هەیە کە: ئاگای لە هەموو کاروباری ڕێکخراوەکانی پارتی بێت، پێویستە لانیکەم ٣مانگ جارێك ئۆرگان وناوەندەکان ڕاپۆرتی کاری خۆیان نیشانی سەرۆکی گشتی بدەن.

سەرۆکی گشتی مافی سەرپەرەستی کردنی گشت کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی هەیە.

سەرۆکی گشتی مافی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی سیاسی و ناوخۆیی بۆ پلۆنۆم و کۆنفرانس و کۆنگرەکان هەیە. سەرۆکی گشتی مافی پێشنیارکردنی جێگری هەیە، مافی پێشنیارکردنی گۆرانکاریشی لە جێگرانیدا هەیە. مافی ئەوەی هەیە لە کاتی گرنگ و بە پەلە بە بێگەرانەوە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، وەک وڵاتان، لایەنە سیاسیی و ڕێکخراوەکانی جیهانی، بە ڕاوێژ لەگەڵ جێگران و دەستەی کارگێڕی: بریاربدات و دۆست و پشتیوانی بۆ گەلی کورد و پارتی سەربەستیی کوردستان دروستبکات.

سەرۆکی گشتی مافی بانگهێشتکردنی کەسایەتیەکان، یا پارتە کوردییەکان هەیە، بۆ تێکەڵکردنی خەباتیان لەگەڵ پارتی سەربەستیی کوردستان، پاشان لە کۆبوونەوە بۆچوونی سەرکردایەتی و ڕاوێژکارانی بۆ وەردەگرێت، لە پلۆنۆم یا کۆنفرانس بریاری پێدانی پۆستیان پێدەدرێت.

سەرۆکی گشتی دەبێت لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیدا ڕاپۆرتی کارەکانی ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بکات.

سەرۆکی گشتی مافی ئاگادارکردنەوە و ڕاگرتنی هەر ئەندامێکی سەرکردایەتی هەیە، کە پێچەوانەی سیاسەتەکانی( پ س ک) سەرکردایەتی هەڵسوکەوت بکات. دواتر لە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بڕیاری یەکلاکەرەوەی لە سەر دەدرێت.

**بەشی بیست و نۆیەم: جێگرانی گشتیی سەرۆک.**

جێگر یا جێگرانی سەرۆکی گشتی دەبێت کەسانێک بن لە وانە کە دەنگیان هێناوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، یەک یان ٢جێگر لە لایەن سەرۆکی گشتی پێشنیار دەکرێن و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بریاری کۆتایی لە سەر دەدرێت. سەرۆکی گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی مافی گۆڕانکاری لە جێگرەکاندا هەیە. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی سەرۆکی گشتی لەگەڵ جێگرانی پێگەیاندنیانە بۆ سەرۆکی داهاتووی پارتەکە.

لە هەر کۆبوونەوەیەکی پارتی سەربەستیی کوردستان، یا هەر دیدارێکی دیپلوماتی پارتی لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکی جیهانی، ئەگەر سەرۆکی گشتی ئامادەیی لەو شوێنە نەبێت، ئەوا جێگری دیاریکراو بۆ شوێنی مەبەست لە لایەن سەرۆکی گشتییەوە دەسەڵاتی تەواوی پێدەبەخشرێت. یا لە کاتی نەبوونی سەرۆکی گشتی جێگری یەکەم ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاری پارتەکە و سەرپەرەستی کۆبوونەوەکان دەکات.

**دەروازەی دەیەم:**

**بەشی سییەم: ناوەندەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

تەواوی دەزگاکانی پارتی سەربەستیی لەم ٦ ناوەندە کۆدەکرێتەوە. وەک :

**١ / ناوەندی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.**

**٢ / ناوەندی پێوەندی و دیپلۆماسی.**

**٣ / ناوەندی دارایی و ئابووری.**

**٤ / ناوەندی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوە.**

**٥ / ناوەندی ڕێکخراوەکان، ژنان و لاوان و پەنابەران و سەندیکاکان.**

**٦ / ناوەندی ئاسایش و زانیاری**

هەر کام لەم ناوەندانە بە شێوەی خوارەوە کارەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانیان لەنێودا ڕێکدەخرێت. هەر ناوەندێک خاوەنی ئاییننامە و یاسای تایبەت بە ناوخۆی خۆی دەبێت.

**ناوەندی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.**

ئەرکی ئەم ناوەندە سەرپەرەشتی کردنی، گشت دەزگا ومیدیاکانی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستانە، وەک ماڵپەڕ و سایت وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەو هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی دیکەی، نامیلکەیی و پەرتووکی ناو پارتی سەربەستیی کوردستان.

سەرپەرەستی پێگەیاندنی ئەندام و کادیری پارتی سەربەستی دەکات،

سەرپەرەستی گشت فێرگە و خوولەکان و پێدانی بڕوانامە و ڕێزلێنان و کتێبخانەکان دەکات.

**ناوەندی پێوەندی و دیپلۆماسی.**

کاری ئەم ناوەندە بە هاوکاری لە گەڵ سەرۆکی گشتی، بۆ دروستکردنی پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسی پارتەکەیە لە ئاست حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی و وڵاتانی جیهانیی. بێجگە لەو ناوەندە هیچ دەزگایەک و بەرپرسێک و ئەندامێکی پارتی سەربەستیی کوردستان مافی ئەوەی نییەو ڕاستەوخۆ، بە بێ ئاگاداری ئەم ناوەندە بە نوێنەرایەتی پ س ک لەگەڵ هیچ پارت و لایەنێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێوەندی دروستبکات. ئەم ناوەندە ڕاستەو خۆ لە لایەن سەرۆکی گشتییەوە سەرپەرەستی دەکرێت.

**ناوەندی دارایی و ئابووری.**

ئەم ناوەندە سەرپەرەشتی گشت داهات و دەرکەوت و ئابووری و ماڵی پارتی سەربەستیی کوردستان دەکات. هەوڵیش دەدات بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری دارایی بۆ پارتەکە. بە پێی یاسای تایبەت داهات ودەرکەوتی پارتیمان بەڕێوە دەبات. ئابوونەی ئەندامەتی بۆ ئەندامان دیاری دەکات، سەرپەرەشتی و بەرنامەڕێژی بۆ خەرجی گشت ئۆرگانەکان دەکات، هەوڵدەدات لە ڕێگەی پرۆژەوە سەرچاوەی دارایی بۆ پارتەکە دابین بکات.

**ناوەندی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوە.**

ئەم ناوەندە سەرپەرەشتی گشت ڕێکخستنە نهێنی و ئاشکراکان، و هەرێمەکانی پارتی سەربەستیی دەکات. کارەکانی پ س ک بە سەر هەرێمەکاندا دابەشدەکرێت. هەر هەرێمێک بە ناوی پارێزگایەکەوە دەبێت و سەرپەرەستی گشتی ناوچەکانی سەر بەو هەرێمە دەبێت. لە هەر هەرێمێک بناخەی ڕێکخراوەیی پارتی شانە و ڕێکخستنە، ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ

کەس کەمتر و لە نۆ کەس زیاتر بێت. ڕێکخراوەکانی پارتی لە دێ، کۆمیتەی دێ، لە ناوچە، کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەك، کۆمیتەی گەڕەك، لە شار، کۆمیتەی شار، لە شارستان، کۆمیتەی شارستان و لە ناوەند، کومیتەی ناوەند، بەڕێوەیان دەبا. ئەرکی شانە و ڕێکخراو کۆمیتەکانی دێ و گەڕەك و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی پارتییە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵك و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتییە. کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێك لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرن. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێك کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی پارتی ئەو ڕێکخراوە پێك دێت.

**هەرێمەکان پێکهاتوون لە :**

١ . هەرێمی کرماشان

٢ / هەرێمی ئیلام و لوڕستان

٣ / هەرێمی ئەردەلان / سنە

٤ / هەرێمی موکریان

٥ / هەرێمی ورمێ

٦ / هەرێمی هەورامان

٧ / هەرێمی کوردخانە/ بۆ کاروباری کوردانی دوورخراوەی سنووری کوردستان.

٨ / هەرێمی تاراوگە/ بۆ سەرپەرەشتی گشتی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات

**ناوەندی ڕێکخراوەکان، ژنان و لاوان و پەنابەران و سەندیکاکان.**

ئەم ناوەندە سەرپەرەشتی گشت ڕێکخراوەکانی وەک ژنان، لاوان و خوێندکاران، ڕێکخراوی پەنابەران، و سەندیکاو یەکێتییە جۆراوجۆرەکان. کە لە سەردەمانی دوور لە نیشتیمان لە تاراوگە پێکهاتوون یا بە پێی پێداویستی شوێن وکات پێکدەهێنرێن. هەموو ئەو ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی ئەو ناوەندە کۆدەکرێنەوە و ڕێنمایی دەکرێن.

**ناوەندی ئاسایش و یاسایی**

ئەم ناوەندە سەرپەرەشتی بواری ئەمنی و ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی پارتەکەمان دەکات. بۆ ئەوەی لە پیلانی دەزگا ئەمنییەکانی داگیرکەران بیپارێزێت، و هاوکات سەرپەرەستی پرۆسە یاساییەکانی پارتەکە دەکات لە ئاست ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە پارتەکەمان بوونی لەو شوێنەدا هەیە. ئەم ناوەندە دەتوانێت لە گشت هەرێم و ناوەندەکان کادیری تایبەت بە خۆی هەبێت.

بەرپرسی هەر کام لە و ناوەندانە لە لایەن سەرۆکی گشتی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیەوە دیاری دەکرێن، کۆمیتەی تایبەتی بۆ چاودێری کردنیان دروست دەکرێت.

تێبینی : <u>ئەم بەرنامە وپرۆگرامە پێکهاتووە لە(١٠) **دەروازە و ٣٠ بەش** و ٦ناوەند/ ٧٠٠٠ وشەیە .</u>

www.psk2006.org 2006psk@gmail.com